□ه□رارگای خاته‌مولئه‌نبیا: هێرش بکرێته‌ سه‌ر وێستگه‌کانی ئێران، ژێرخانی وزه‌ له‌ناوچه‌که‌ وێران ده‌که‌ین

قه‌رارگای ناوه‌ندیی خاته‌مولئه‌نبیای ئێران ده‌ڵێت، ئه‌گه‌ر هێرش بکرێته‌ سه‌ر وێستگه‌کانی وزه‌ی وڵاته‌که‌یان، ئه‌وانیش ده‌سته‌وه‌ستان نابن و ژێرخانی وزە، نەوت و پیشەسازی و ته‌کنه‌لۆژیای زانیاریی و په‌یوه‌ندیی ئیسرائیل و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا وێران ده‌که‌ن.

وته‌بێژی قه‌رارگای ناوه‌ندیی خاته‌مولئه‌نبیای ئێران، ئه‌مڕۆ دوشه‌ممه‌، له‌ راگه‌یه‌ندراوێکی نوسراودا وتی، چەندین جار وتومانە کە گەروی هورمز تەنیا بە ڕوی دوژمن و هاتوچۆی زیانبەخشدا داخراوە و هێشتا بەتەواوی دانەخراوە، تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی زیرەکانه‌ی ئێمەدایە، هاتوچۆی بێزیان بەپێی ڕێکارە تایبەتەکان و بە گەرەنتیی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئێمە ئەنجام دەدرێت.

وته‌بێژی قه‌رارگای ناوه‌ندیی خاتمولئه‌نبیای ئێران وتوشیه‌تی: لە ئەگەری جێبه‌جێکردنی هەڕەشەکانی سه‌رۆکی ئەمریکادا سەبارەت بە وێستگەکانی وزه‌ی ئێران، دەستبەجێ ئەم خاڵانه‌ جێبه‌جێ ده‌که‌ن:

1. گەروی هورمز بەتەواوی دادەخرێت و گەروەکە ناکەنەوە تا ئەو کاتەی وێستگەکانی وزە کە هێرشیان کراوەتە سەر بونیاد دەنرێنەوە.

2. هەمو وێستگەکانی وزە، ژێرخانی وزە و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیی ڕژێمی زایۆنی بەشێوەیەکی بەرفراوان دەکرێنە ئامانج.

3. هەمو ئەو کۆمپانیا هاوشێوانەی لە ناوچەکەدا پشکی ئەمریکییان تێدایە، بەتەواوەتی وێران دەکەین.

4. وێستگەکانی وزەی ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە میوانداریی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکەن، دەبنە ئامانجێکی ڕەوای ئێمە.

جەختیشی کردەتەوە کە "هەمو شتێک بۆ جیهادێکی گەورە بۆ ئامانجی لەناوبردنی تەواوی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا ئامادەیە."

ئەوەشی خستەتەڕوو، ئێمە دەستپێشخەری شەڕ نەبوین و ئێستاش نابین، بەڵام ئەگەر دوژمن زیان بە وێستگەکانی ئێمە بگەیەنێت، بۆ بەرگریکردن لە وڵات و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان دەست بۆ هەر کارێک دەبەین و پرۆسەکە بەبێ وچان بۆ لەناوبردنی ئەو ئامانجانەی ئاماژەیان پێکرا دەستپێدەکات و هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگری لە بەردەوامیی ئۆپراسیۆنەکانمان بکات بۆ لەناوبردنی ژێرخانی وزە، نەوت و پیشەسازیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا."